# "خەلك دەنگی هەلهیناوەو داوای خۆشگوزەرانیو ئازادیو سکولاریزموئەمنیەت دەکات، بەلام ئەم دوو ئیدارەیە نەك هەر روویان لەهەموو ئەم خواست و ئاما نجانەی خەلك نییە، بەلکو پشتیان تیکردووە"

## گفت وگۆ لەگەل ریبوار ئەحمەد سەبارەت بەیەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی یەکیتی وپارتی

**خەسرەوسایە: سەرەنجام مەسعود بارزانی و هەیئەتیک لەیەکیتی نیشتمانی یەکگرتنەوەی هەردوو حکومەتی یەکیتی وپارتیان راگەیاند و ئەمەیان وەک وەلامدانەوەیەک بەخواستی خەلکی کوردستان ناوزەدکرد.. بەگشتی ئیوە ئەم راگەیاندنەو ئەم هەنگاوە چۆن دەبینن وقسەتان چییە لەسەری؟**

ریبوار ئەحمەد/ پیم وایە سەرنجیکی کورت لە فەزای کۆمەلگای کوردستان بە تایبەت لە ئیستادا، نیشانیدەدات کە هەتا بە پیچەوانەی دەورەکانی رابردووەوە، ئەم مەسەلەیە ئەوەندە جیگای بایەخو خۆشباوەری خەلك نیە. لە کاتیکدا ئەمرۆژانە خەلکی کوردستان لە هەموو کاتیك زیاتر بە ریزی فراوان لە دەوری خواستەکانی خۆیان هاتونەتە مەیدانو رۆژانە دەرژینە شەقامی شارەکانەوەو ئالای داخوازیەکانیان بەرز دەکەنەوەو لە پیناویاندا قوربانی دەدەن. هەر ئەمە بەدەر لە هەر لیکدانەوەو هەلسەنگاندنیك ئەو راستیە دەسەلمینیٚ کە مەسەلەی یەککگرتنەوەی دوو ئیدارەی یەکیتیو پارتی لە روانگەی خودی خەلکیشەوە تعبیر نیە لەو خواستو ئامانجانەی کە بۆی هاتونەتە مەیدان. خەلك دەنگی هەلهیناوەو داوای خۆشگوزەرانیو ئازادیو سکولاریزموئەمنیەت دەکات، بەلام ئەم دوو ئیدارەیە نەك هەر روویان لەهەموو ئەم خواست و ئامانجانەی خەلك نییە، بەلکو پشتیان تیکردووە. بەمجۆرەش بنەماکانی ئەم یەککگرتنەوەیەش دریژەدانە بە رەوەندیك کە پیشتر بە توندی دژی ئەو خواستو ئامانجانە وەستاوەتەوە.

لە هەلومەرجیکدا کە سیناریۆیٚی هەلبژاردن کەوتوەتە ناو گیژاویکەوە کە سەروبەری دیار نیەو پاش تیپەربونی نزیك بە یەك مانگ کەس نازانی ئەنجامەکانی ئەم گالتەجاریە چی بوو، لە هەلومەرجیکدا کە نارەزایەتی جەماوەری رۆژ لە دوای رۆژ لە دەوری خواستەکانی خۆیان پەرە دەسەنیٚو دامیٚنی فراوانتر دەبیتەوە، لە هەلومەرجیکدا کە تەنانەت ئەوانەی بە فروفیشالی هەلبژاردن فریویانخواردو دەنگیاندا بە لیشاو پەشیمانی دەردەبرن، لە هەلومەرجیکدا کە تورەییو نەفرەت لە سەرکوتو پیشیلکردنی ئازادیە سیاسیەکان فەزای کۆمەلگای داگرتووە....لەم کاتەدا یەکیتیو پارتی دەیانەویٚ بە جەنجالی یەککگرتنەوەی دوو ئیدارەکەی خۆیان سەرنجی خەلك بەرەو جیگایەکی تربەرنو بەسەر ئەم مەسەلە گرنگو بنەرەتیانەدا بازبدەن.

لە راستیدا ئەم هەنگاوەی ئەو دوو حیزبە وەکو هەموو سیاسەتو نەخشەکانی تریان هیچ پەیوەندیەکی بە خواستو ویستو بەرژەوەندی خەلکەوە نیە، ئەگەر بە کردەوە واقعیەت پەیدابکات، تەنها هەنگاویکی ناچاریو کاتیانەیە لە پیناو بەرژەوەندیە سەرو خەلکیەکانی خۆیاندا. هەلبەت شەرو کیشەی کۆنەپەرستانەی یەکیتیو پارتی گەلیك زەرەر وزیانی بە خەلك گەیاندوە، ژیانو ئەمنیەتو ئارامی لیتیکدان، دەیان هەزاری ئاوارەو مالویران کرد، هەزارانی کرد بە قوربانی، فەزای شەرو سەرکوتو عەسکەرتایەتی بەسەر کۆمەلگادا فەرزکرد، بەلام هیچ کات ئەم دوو حیزبە ئامادە نەبون نە گویٚ لە خواستی خەلك بگرن نە لە پیناو بەرژوەندی خەلکدا دەست لە شەری کۆنەپەرستانەیان هەلگرن. ئەمرۆ لە پاداشتی خۆشخزمەتیان بە ئەمریکاو بەشداریان لە خولقاندنی ئەو کارەساتانەی کەخەلکی عیراقی تیا غەرق بووە، هەروەها لە ریگای هاوپەیمانیتییان لەگەل ئیسلامی شیعە وەکو کۆنەپەرستانەترین هیزو بەدیلی سیاسی سەر شانوی سیاسی عیراق، بە نرخی لەژیرپینانی خواستو ویستەکانی خەلكو پەرەپیدانی کارەساتەکانی ئیستای کۆمەلگای عیراق، ئیمتیازکیان پیبراوە، ئەم ریککەوتنەیان ئەگەر بە کردەوە بە ئەنجام بگات تەنها بۆ بە مسۆگەر کردنو خواردنی ئەو ئیمتیازەو دابەشکردنیتی لە نیوان خۆیاندایەو بەس. ئەمە هەنگاویکە هاوشان لەگەل گیرانی حەکیمی سەرۆکی کۆنەپەرستانەترینو رەشترین بەدیلی سەر ساحەی سیاسی عیراق، بە شارەکانی کوردستانو ناوەزە کردنی شەقامەکان بە ناوی رەمزە کۆنەپەرستەکانی ئیسلامی شیعەوە، واتە هەر ئەو بەدیلە سیاسیەی کە دوینیٚ بە فروفیشالی منافەسە لەگەل ئەواندا خەلکیان راپیچی گالتەجاری هەلبژاردن کردو هەرەشەی ئەوەیان لە خەلك دەکرد کە ئەوەی دەنگ نەدات مانای وایە خائینو لایەنگری بەعسو تیرۆریزمە.

**خەسرەو سایە: بەلام دەلین ئەم یەکگرتنە دەستکەوتیکی ترە بەدوای بەدەستهینانی پۆستی سەرۆک کۆماری و وپاشان خۆاستی جیگیرکردنی فیدرالیزم لە دەستور و ئیستاش ئەنجامەکەی ئەوە دەبیت کەیەک حکومەت یەک پەرلمان و یەک قانون دادەمەزرینی وئەمەش دەتوانی بۆ پیناسەکردنەوەی پەیوەندی کورد بەدەولەتی مەرکەزییەوە لەمەوقعیکی بەهیزدا راگری .. ئیوە لەسەر ئەمە دەلین چی؟**

ریبوار ئەحمەد/ خەلکی کوردستان دوای چەند سال تەجروبەی عەمەلی زۆر شتیان بۆ روون بوەتەوە، ئیستا لە ئاستیکی فراواندا ئەو راستیە بۆ خەلك ئاشکرا بووە کە سەرۆك کۆمار بوونی تالەبانیو هاتنی دەستەواژەی فیدرالیزم لە دەستوری فاشیانەی قەومی–ئیسلامی ئەم هیزانەدا

هیچ دەردیکی خەلکی دەوا نەکردووەو نایکات. ئەو خەون‌و سەلتەنەتەی کە لە سایەی بەدیهاتنی ئەمانەدا مژدەی بۆ دەدراو خەلکی پێ سەرمەست دەکرا، ئیستای بونە بە جیگای گالتەی خەلك. جمهوریە فیدرالیەکەی تالەبانی خواست‌و باسی جیابونەوەی کوردستانی حەرام‌و قاچاغ راگەیاند، جەختی لەسەر بەزۆر لکاندنەوەی کوردستان بە عیراقەوە کرد، ئەو مەوادی سوتەمەنی‌و خۆراکە بێکەلکەشی بری کە رژیمی صدام بە نرخیکی رەمزی دەیدا بە خەلك، نا ئەمنی‌و شەروکیشەی قەومی‌و تائیفی تا ئەوپەری رادە قولکردەوە، کۆت‌وبەندی کۆنەپەرستانەی ئیسلامی لەسەر خەلك توندکردەوە، دوبەرەکی کۆنەپەرستانەی ناو کۆمەلگای بەوپەری خۆی گەیاند، لەسەر سادەترین خواستی رۆژانە سنگی خەلکی کرد بە نیشانەو خۆپیشاندانی خەلکی لە خوین هەلکیشا.....بەم جۆرە لە ژیانی رۆژانەی خەلکدا ئەوە سەلمینرا کە پۆستی سەرۆك کۆماری‌و فیدرالیزم نەك دەسکەوتیکی بۆ خەلکی کوردستان بە دیاری نەهیناوە بەلکو دریژەی بە هەمان محنەتەکانی رابردوو داوەو بەکردەوە قولتری کردوەتەوە.

بەلام جیاواز لەمە لەم چەند سالەدا کیشەی واقعی خەلکی کوردستان ئەوە نەبوو کە ئەم دوو حکومەتە یەکگرتوو نەبوون، ئەمە بۆچون‌و پروپاگەندەی هەلخەلەتینەرانەی ناسیونالیزم بوو. بەلام کیشەکە ئەوەبوو کە ئەم دوو ئیدارەیە هەردوکیان کۆنەپەرست بوون، هەردوکیان بە قانونی ملیشیایی‌و ئەحکامی ئیسلامی–عەشیرەتی حوکمی کۆمەلگایان دەکرد، هەردوکیان دژی خواست‌و ویست‌و ئارەزوە پیشکەوتوەکانی خەلکی ئازادیخوازو کریکاران‌و ژنان‌و لاوان راوەستانەوە، هەردوکیان دژی ریفراندۆم وجیابونەوەی کوردستان راوەستان، هەردوکیان خەلك‌و ئازادیان سەرکوت کرد، هەردوکیان نوقمی گەندەلی‌و تالان‌وبرۆبوون، هەردوکیان دەستوری فاشیانەی بەعسیان بەسەر خەلکدا سەپاند، هەردوکیان پیش لەشکریان بۆ دەولەتانی سەرکوتگەری ناوچەکە کرد لە پەلامارەکانیاندا بۆ سەر خەلکی کوردستان، هەردوکیان دەستگیرۆیی تیرۆریزمی ئیسلامیان کرد، ....ئیستاش ئەگەر دوو حکومەتی بەم ماهیەتە لیکبدرین، جۆریکی باشتریان لی پیکنایات، ئەمجارە هەموو ئەم کارنامە رەشە پیکەوە لە قالبی حکومەتیکی هاوبەشدا دریژە پیدەدەن.

لە بارەی ئەوەوە کە دەلین "پەیوەندی کورد بە دەولەتی مەرکەزیەوە بەهیز دەکات" تەنها مەبەستیان خۆیان‌و بەشی خۆیانە، ئەمە دوپات کردنەوەی هەمان ئەو قەوانەیە کە بۆ پیویستی بەشداری کردنی خەلك لە گالتەجاری هەلبژاردندا لییاندەدا. پلاتفۆرمی ئەم حیزبانە ئینکاری کردن‌و پشت کردن لە خواست‌و ئامانجەکانی خەلکی کوردستان، تەنانەت دژایەتی کردنی ئاشکرای ئەو خواستانەیە بە تایبەتی خواستی ریفراندۆم‌و جیابونەوەی کوردستان. بۆیە بە هیز بوونی جیگاوریگای ئەوان لەبەرامبەر دەسەلاتی مەرکەزیدا هیچ گرێیەك بۆ خەلکی کوردستان ناکاتەوەو هیچ بایەخیکی نیە لە ریگای دەستەبەرکردنی خواست‌و ئامانجەکانی خەلکدا. ئیستا بە پلەی یەکەم نان‌و ئاوو خۆشگوزەرانی‌و ئازادی "کورد" لەلایەن خودی ئەم حیزبانەوە داگیرکراوە، ئەوەی ناوی نراوە دەولەتی مەرکەزی سەرباری کۆنەپەرستی‌و نیەتی فاشیانەی بەلام هیشتا دەستی بەسەر خەلکی کوردستاندا ناروات. بۆیە بەهیزبوونی جیگاوریگای ئەم حیزبانە لەبەرامبەر دەسەلاتی مەرکەزی زامنی بەدیهاتنی هیچ ئامانجیکی واقعی خەلکی کوردستان نیە، بەلکو ئەمە لە گرەوی بەهیزبوونی جیگاوریگای خودی خەلکدایە لە بەرامبەر ئەم حیزبانەو دەسەلاتی مەرکەزیشدا، ریگای ئەمەش ئیرادەکردن‌و هاتنەمەیدانی هیزی یەکگروتی خەلکە لە دەوری بەدیل‌و ئالایەکی رادیکال بۆ بەرەنگاری‌و دەسکۆتاکردنی گشت ئەم هیزانە نەك خۆشباوەری بەوان.

خەسرەو سایە: بەجیا لەمانە ئەو رایەش هەیە کەپیی وایە یەکگرتنەوەی هەرددوو دەسەلاتەکەی یەکیتی وپارتی ریگایەکە بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئایا پیتان وایە یەکگرتنەوەی هەردوو"ئیدارەکە" سەربەخۆیی کوردستان زامن بکات؟

ریبوار ئەحمەد/ یەکیتی‌و پارتی‌و ئیدارەکانیان لە ئیستادا کۆسپیکی سەرەکین لەبەردەم سەربەخۆی کوردستان نەك بە پیچەوانەوە، ئەگەر یەکیش بگرن ئەوکات بە یەکگرتویی ئەم سیاسەتە هاوبەشەیان دەبەنە پیشەوە، مەگەر بەدەر لە ئیرادەو سیاسەت‌و ویستی ئەوان هەل‌ومەرج‌و ئیرادەی خەلك رەوتی ئەم کۆمەلگایە بەرەوجیابونەوە بەریت. ئیستا هیچ یەك لە هیزەکانی تر نە دەسەلاتی مەرکەزی‌و نە دەولەتانی ناوچەکەو نە تەنانەت ئەمریکاش، بە ئەندازەی یەکیتی‌و پارتی لە دژایەتی کردنی خواستی جیابونەوەی کوردستاندا دەوری راستەوخۆ ناگیرن. من دەلیم بە پیچەوانەوە ئەوان لە بنەرەتەوە ئەو ئیمتیازەی بە دەستیان هیناوەو ئەو هەنگاوەی کە بۆ حکومەتی هاوبەشیان هەلیدەگرنەوە، راستەوخۆ لە سەر بناغەی دژایەتی کردنی خواستی جیابونەوەی کوردستان‌و هەراج کردنی ئەم مافەی خەلك بۆیان مسۆگەربووە. ئەوان بە هیزی ملیشیا خۆیان‌و دەسەلاتیان بەسەر کۆمەلگای کوردستاندا داسەپاندوە، بە زەبری بە بارمتەگرتنی نان‌و ئاوو ژیانی خەلك، پەنجەمۆریان لە خەلك وەرگرتوەو خۆیان کردوە بە نوینەری خەلك. پاشان لەم جیگاوریگایەوە بە نوینەرایەتی خەلك دژی خواستی جیابونەوەی کوردستان راوەستاون‌و لەبری ئەمە پاداشت‌و ئیمتیاز بۆ خۆیان لەو هیزانە وەردەگرن کە خواستی جیابونەوە بە کفر دەزانن. حکومەتی هاوبەشی ئەم دوو حیزبەش هەر هەمان دەور دەگیرێ کە ئەم دوو حیزبە ئیدارەکانیان بە جیاجیا لەم بارەیەوە گیراویتی.

**خەسرەو سایە:دواین پرسیار ئەوەیە کە دەزگاکانی راگەیاندنی یەکیتی وپارتی ئەو خۆشخەیالیەش بلاودەکەنەوە کە گوایە بەیەکگرتنەوەی هەردوو حکومەتەکەی یەکیتی وپارتی حکومەتی موئەسەسات و کۆمەلگای مەدەنی بۆ خەلکی کوردستان پیکدیت و کۆتایی بەدەسەلاتی میلیشیای چەکدار دیت وئەمەش زۆرترین ئازادی و خۆشگوزەرانی بەدوادادیت.. ئیوە چ وەلامیکتان بۆ ئەم بۆچوونەهەیە؟**

**ریبوار ئەحمەد/** ئەوان تا ئیستا قبولیان نەبوو بە دەسەلاتەکانیان بوتریت میلیشیایی، تەنانەت ئەمەیان وەکو تاوانو تانەو تەشەری گەورە لەقەلەم داوەو خەلکیان لەسەر سزاداوە، ئەوان دەسەلاتی میلیشیایی چەندین سالی رابردوی خۆیان بە دەسەلاتی مەدەنیو دیموکراسیو دەسەلاتی یاسا ناوەزد کردوە، هەر ئەمەش پیوانەو بۆچونی ئەوانە لە بارەی حکومەتی موئەسەساتی کۆمەلگای مەدەنیەوە. کەی راشکاوانە دانیان بەوەدا نا کە ئەوان چواردە سالە دەسەلاتی میلیشیاییان بەسەر کۆمەلگای کوردستاندا سەپاندوەو تەواوی جاروجەنجالەکانیان دەربارەی هەلبژاردنو پەرلەمانو یاساو دەوری خەلك پوچ بووە، ئەوکات دەکریت دەربارەی پروپاگەندە تازەکانیان سەبارەت بە کۆتایی هینان بەو دەسەلاتە میلیشیاییە داسەپینراوە قسەیەکی جدی تر بکریت.

لە راستیدا یەکیتیو پارتی لە بنەرەتەوە دوو هیزی قەمی– عەشیرەتی – میلیشیایین، ئەمە ماهیەتی ئەوانە، ئەوان بەبێ هیزی میلیشیا ناتوانن خۆیان بە پیوە راگرن، ناتوانن بەرامبەر نەفرەتی خەلك دژی گەندەلیو تالانو برۆو کۆنەپەرستیو دواکەوتویان خۆیان رابگرن. ئەمەو ناکۆکیو شەروکیشەی نەبراوەی نیوان یەکیتیو پارتی، تایبەتمەندیەکی بنەرەتیو نەخۆشیەکی زگماکی ئەو هیزانەیەو لەگەل عمریاندایە. ئەگەر دەیانەوێ ئەم سیناریۆی هەلبژاردنەی ئەخیریان بەسەرەتای دەورەیەکی تازە لە ژیانی سیاسیو دەسەلاتی "مەدەنی" خۆیان بە خەلك بقەبلین، ئەوە رەفتارەکانیان لە پرۆسەی بەریوەچونی ئەم سیناریۆیەدا ئاشکراترین بەلگەی میلیشیاییو دژی ئازادیو دیموکراسیو دژی مەدەنیەتی ئەوانی لەبەر چاوی خەلکدا نمایش کرد. جیاواز لە هەلرشتنی دەریایەك وەعدەو بەلینی درۆ کە ئەمەیان خەسلەتیکی پایەیی خودی دیموکراسیە، بە زەبری سەرکوتو تۆقاندنو نان برینو بیکارکردن خەلکیان پەلکیشی دەنگدان کرد. هیچ دەستەواژەیەکی پیسو دارزیو نەما "زۆل، جاش، بەعسی، تیرۆریست...." بۆ سوکایەتی کردن بەو خەلکەی دەنگی نەدا بەکاری نەبەن. هیزیك نیەتی باشی بەرامبەر خەلك هەبیتو مەبەستی خۆشیو خۆشگوزەرانیو ئازادی خەلك بیت پەنا بۆ ئەم شیوازە رەزیلانەیە نابات.

بەلام جیگای خۆیەتی لە پەیوەند بە پروپاگەندەکانیان لە بارەی " زۆرترین ئازادی و خۆشگوزەرانی" ەوە، سەرنجی کورتی کردەوەو رەفتارە تازەکانیان بدەین، لەسەروبەری ئەم یەکگرتنەوەیەو ئەم "مژدە" تازانەوە دەربارەی زۆرترین ئازادی، هەلبەت دوای ئەوەی کە مسعود بارزانی لە ووتارەکەیدا بە بۆنەی بوونی بە "سەرۆکی هەریم"ەوە گفتی دابوو "هەموو سانسۆرو زەختو زۆریك لەسەر ئازادی سیاسی هەلگریت"، ئیدارەی پارتی دکتۆر کەمال قادری لەسەر نوسینی دوو ووتار، بە 30 سال زیندانی حوکمداوە، مانای وایە ئەگەر سێ ووتاری بنوسیبایە حوکمی ئیعدامی بەسەردا دەدرا. جەنابی سەرۆك کۆمارو ئیدارەو حیزبی یەکیتی نیشتمانیش لە بەرامبەر ئەم مەسەلەیەدا خۆی کردوە بە کەرەی شەربەتو وورتەی لیوە نەهاتووە. ئەمە باشترین بەلگەیە بۆ لە محەکدانی پروپاگەندەکانیان دەربارەی "زۆرترین ئازادی". نمونەیەکی تریشی لە خوین هەلکیشانی خۆپیشاندانی خەلکی گەرەکی رەحیمئاوای کەرکوکە لەسەر بەرزکردنەوەی چەند داخوازی زۆر سادەو سەرەتایی. تەنها ئەم دوو نمونەیە بەسە بۆ ئەوەی قەزاوەت لەسەر پروپاگەندەکانیان لە بارەی ئازادیەوە بکریت.

لە بارەی "زۆرترین خۆشگوزەرانیەوە" ئەمەشیان دور لە تحلیلو هەلسەنگاندن دەکریت لە ئاخرین بریاری حکومەتەکەی تالەبانی–جەعفریدا بە رۆشنی ببینریت. ئەوان دوای ئەوەی لە پروپاگەندەی گالتەجاری هەلبژاردندا دەریایەك درۆیان بۆ خەلك هەلرشت، هەر رۆژی دوای ئەو سیناریۆیەو پاش ئەوەی کاریان بە خەلك نەما کارەبایان لە خەلك کوژانەوە. چەند رۆژیش دوای ئەوە بریاری پیشتر ئامادەکراویان بۆ چەند بەرابەر کردنی نرخی سوتەمەنی بە رووی خەلکدا راگەیاند، ئیستاش مقۆ مقۆی ئەوەیانە بریاری برینی مەوادی خۆراکی بە یەکجاری جێبەجێ بکەن. بۆ دەورەی داهاتوش بریارە لیستی یەکیتیو پارتیو لیستی جعفریو حەکیم، واتە هەموو ئەو هیزانەی لە پشتی ئەم بریارە قەرەقوشیانەوە راوەستاون دریژە بە "هاوپەیمانیتی ستراتیژیان" بدەن. لیرەشەوە دەکریت ببینین نیەتو مەبەستی ئەم هیزانە لە دابینکردنی "زۆرترین خۆشگوزەرانی" مانای چیە. لە راستیدا زۆر دەمیکە دابەشکردنی مەوادی سوتەمەنیو مەوادی خۆراکی کەموکورتو بیکەلك بە نرخیکی رەمزی بەسەر خەلکدا، دەوریکی لە خۆشگوزەرانیدا نەمابوو، بەلکو تەنها ژیانی هەژارانەی خەلکی لەسەر راوەستابوو، ئەمانە ئەو دەسکەوتانە بوون کە تەنانەت رژیمی خوینریژو درندەی بەعس تا ئاخری عومری نەیتوانی بوو لە خەلکی بسەنیتەوە. ئیستا حکومەتی هاوبەشی یەکیتیو پارتی لەگەل حەکیمو جعفری بە ئەستاندنەوەی ئەو روکنەی ژیانی هەژارنەی خەلك، بە کردەوە دەیانەوێ ژیانی پر

**مەحرومیەتو هەژاری خەلکیش تیکبروخینن‌و مەرگی تەدریجی بخەنە بەرپێی خەلك. ئەمەش مانای واقعی ئەو خۆشگوزەرانیەیە کە بەلینی بۆ دەدەن.**

**خەلکی کوردستان ئیتر ناکرێو نابیت بایەخ بۆ ئەم پروپاگەندە سواو فریوکارانەیە دابنین. ژیان‌و نان‌و گوزەران‌و خزمەتگوزاریەکانی ئەمرۆیان بە پەرەپیدانی بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری ئیستایانەوە گرێی خواردوەو ئایندەیەکی باشتریشیان لە گرەوی هاتنەمەیدانی فراوانە لە دەوری خواستی جیابونەوەی کوردستان‌و پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆی سکولارو غەیرە قەومی پیشکەوتوانە. هەر ئەمانەش ریگای دەسکۆتاکردنی واقعیو کۆتایهینانی واقعی دەسەلاتی میلیشیاییو دامەزراندنی دەولەتی مەدەنیو پشتبەستو بە ئیرادەی راستەوخۆی خەلکە. ئەمە پلاتفۆرمی هاوبەشی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقو جەماوەری برسیو هەژارو ئازادیخوازو کریکارو ژن‌و لاوی کوردستانە. دەبێ هەموو یەکریزو دەست لە نیو دەست بۆ پەرەپیدانی بزووتنەوەی عەزیمو سەراسەریمان لەم پیناوەدا ئیرادەمان بەگەر بخەین، ئەمە مەیدانی نەبەردی واقعیمانە.**